# سەندیكای كارمەندانی تەندروستی كۆنفراسی دووەمی خۆی ئەنجامدا

ئامادەكردنی : بەختیار جافەر

رۆژی 2007/7/14 سەندیكای كارمەندانی تەندروستی كوردستان لە هۆلی فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی بە ئامادەبوونی 305 ئەندامی كۆنفراس لە سەرتاسەری كوردستان دووەمین كۆنفراسی خۆی لە ژێر دروشمی ((سەربەخۆیی لە كاری رێكخراوەیی، با سەندیكا و رێكخراوە مەدەنیەكانیش لە دارشتنی یاسا و بەرێوەبردنی دەسەلات پرسیان هەبێت)) بەست، ناوەڕۆكی كۆنفراس پێك هات بوو لە چوار تەوەرەی سەرەكی:-

1- یەكگرتنەوەی رێكخراوەكان.
2- هەڵسەنگاندنی كاری رێكخراوەیی لە ماوەی رابردوو، دانانی میكانیزم و پلانی تازە بۆ كاری رێكخراوەیی لە داهاتوودا.
3- شێوازی پەیوەندی سەندیكا لەگەڵ حكوومەت و دەسەلاتی سیاسی.
4- دیاری كردنی میكانیزمی رووبەرووبوونەوە لەگەڵ قەیرانەكانی ئێستا و ئاینده.

لە پەیوەندیەكی سایتی ئەمرۆ (كەیفی مستەفا عەلی) جێگری سكرتێری سەندیكای كارمەندانی تەندروستی تایبەت بە سایتەكەمان رایگەیاند:- لە رۆژی 2007/6/30 كۆبوونەوەی مەكتەبی تەنفیزی سەندیكا ئەنجامدرا بڕیاردرا بە بەستنی كۆنفراسێك بە مەبەستی قسەكردن لەسەر یەكگرتنەوەی رێكخراوەكەمان و هەروەها هەڵسەنگاندنی چالاكیەكانی سەندیكا لە ماوەی رابردوو و دانانی پلان و بەرنامەی تازە بۆ خەباتی سەندیكایی لە ئایندەدا.

سەبارەت بە كێشەی یەكگرتنەوەی رێكخراوەكەمان لەگەڵ رێكخراوی هاوشێوەماندا بە شێوەی تەوافقی درێژخایەن رەتكرایەوە لەم كۆنفراسەدا بە كۆی دەنگ، بەلكو تەنها دەستەیەكی كاتی لە هەردوو سەندیكا دیاری بكرێت بە مەبەستی زەمینە سازكردن بۆ هەڵبژاردنی ئازاد لە سەرتاسەری كوردستان.

جێی ئاماژە پێكردنە لەم كۆنفراسەدا رەخنەیەكی زۆر ئاراستەی وەزارەتی تەندروستی كرا سەبارەت بە پەراویز خستنی سەندێكای كارمەندانی تەندروستی و راوێژ نەكردن و پرسپێنەكردنی لە كاروبارە پەیوەندیدارەكان بە كارمەندانی تەندروستی، هەر لەناردنە دەرەوەی كارمەند و جێبەجێ نەكردنی پێشنیارەكانی سەندیكا سەبارەت بە دانەنانی جێگری بەرێوەبەرە گشتییەكان لە كارمەندانی تەندروستی هەروەها یاسای وەزارەتی تەندروستی كە دراوە بە پەرلەمانی كوردستان.

لەلایەكی ترەوە میكانیزمی تازە و پلانی نوێ دانرا بۆ كاراتر كردنی مەكتەبی تەنفیزیی و مەكتەبی سكرتایەت بۆ باشتر هەڵسوراندنی كاری رێكخراوەیی.

ئەم كۆنفراسە تەنها یەك رۆژی خایەند و تیایدا چەندین بڕیار و راسپاردەی گرنگ بە كاری رێكخراوەیی درا.

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image